Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1017

# پێکهاتوی برگە لە شێوەزاری کەرکووکدا

**محەمەدی مەحوبی[1]، دلشاد محمد غریب[2]**

1کۆلیجی زمان ،بەشی زمانی کوردی ، زانکۆی سلێمانی

2 کۆلیجي پەروەردە بنەرەت . بەشی زماني کوردی زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised: January ,2019

Accepted: January ,2019

***Keywords***

برگە، ڤاول، کۆنسۆنات، سەرەتای برگە، کرۆکی برگە، کۆتایی برگە.

***Corresponding Author***

Dilshad.hamagharib@garmian.edu.krd

## پوختە

ناونیشانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بۆ :(پێکهاتوی برگە لە شێوە زاری کەرکووک) تەرخانکراوە. هەوڵدەدات بەشێوەیەکی زانستیی و پێڕەوبەندانە شوێنی (ڤاوڵ / برگەیی و کۆسۆنانت / نابرگەییەکان)ی شێوەزاری کەرکووک لە پێکهاتوی برگەدا دیاریبکات.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە: لەزمانی کوردیی - دیالێکتی ناوەڕاستدا، تا وەکو ئەمڕۆ چەندان لێکۆڵینەوە لەبارەی (برگە) ەوە بەرچاو دەکەون، بەڵام لە (شێوەزاری کەرکووکدا) لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ وزانستیی نابینرێت..

ڕێباز لێکۆڵینەوەکە: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی (وەسفیی - شیکاریی) بەکارهێنراوە. کە تێیدا شوێن و جێکەوتەکانی برگەیی و نابرگەییەکان دیاریکراوە. شیکردنەوەی نمونەکان بە تیوەریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی گواستنەوە و بەرهەمهێنان جێبەجێکراوە.لە خستنەڕوی نمونەکاندا هەندێک جار (ئەلفوبێی-فۆنەتیکی) جیهانی (IPA) لەپاڵ (ئەلفوبێ - فۆنێمی) کوردییەکەدا بەکارهاتووە. سەرەڕای ئەوەیش کاربەمۆدێلیCV وەچە پێکهاتەکانی برگە دەکرێت، کە تێیدا کرۆك، سەرەتا و کۆتایی برگە جیاکراونەتەوە و بەسێ وەچە پێکهاتەوە دانراون .

سنوری توێژینەوەکە: نمونە و داتاکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەگشتیی کەرەستەی (شێوەزاری - کەرکووك) هێنراوەتەوە و بەتایبەتی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئەمڕۆی ئاخێوەرانی شاری کەرکوکەوە وەرگیراون.

## پێشەکی

### بەشی یەکەم

فۆنێمەکانی زمانی کوردیی (شێوەزاری کەرکووك( ۱/۱ (پێڕەوی برگەیی / ڤاوڵ و نابرگەیی / کۆنسۆنانتەکان بەمەبەستی شوێن و دەستنیشانکردنی فۆنێمەکانی زمانی کوردیی - شێوەزاری کەرکووك، پێویستە سەرەتا ئەو دەنگانە پۆلێن و جیابکرێنەوە، کە ئەمڕۆ لە زمانی ئاخاوتنی شێوەزارەکەدا دەبیسترێن و گۆدەکرێن. لە شیکردنەوەکاند زاراوەی (برگەیی) بۆ (vowels) و (نابرگەیی) یش بەرانبەر (consonants) بەکاردەهێنین، چونکە برگە دەبێتە کرۆکی برگە و هیچ برگەیەک بەبێ برگەیی دروستنابێت ()

۱/۱ -۱ (نابرگەییەکان

دەنگە نابرگەییەکان لە کاتی درکاندنیاندا، ئەو ئەندامانەی بەشداریی لە دروستبوونیاندا دەکەن، (دێنەوە یەك) یان (لەیەکدی نزیك دەبنەوە)، واتا لە هەندێك شوێندا ڕێگا لەو بایە دەگیردرێت، کە لە سییەکانەوە دەردەچێت و لە دەم یان لە لوتەوە دێتەدەرەوە و بەئارەزوی خۆی نایەتە دەرەوە. بۆ نمونە، نابرگەییەکانی: ]ب، پ، ت، د،...هتد[ بەپێی ئۆرگانەکانی دروستکردنیان پۆلێنکراون بۆ (گەرویی، پشتەوەی (مەڵاشویی)، ڕەقە مەڵاشویی، پوکیی، لچولێوی و ددانیی)، بەڵام بەگوێرەی مۆرکانیان دەمیی لە لوتیی، گیراو لە خشۆك جیاکراونەتەوە ()

**۱/۱ -۲ (تەقاوەکان**

ئەم چەشنە ([p, b, t, d, k, g, q, ? ]) نابرگەییانە لە گەروودا یان لە بۆشایی ناو دەمدا، لە ڕێڕەوی هاتنەوە یەك و داخستنێکەوە بەرهەمدەهێنرێن. کردنەوە و لەپرگرتن و داخستنەکە خشە و خشپەیەك، یان گیراوەیەکی لێدەکەوێتەوە.()

**١/١ -٣ (خشۆکەکان**

لەکاتی دركاندنی خشۆکەکاندا، لە بۆشایی ناو دەمدا یان لە بۆشایی ناو گەرودا، لە ڕێگایی تەسککردنەوەیەکەوە دروستدەکرێن. تەوژمی بایش زۆر تەگەرەی جیاواز دێتە ڕێگایی و دەکەوێتە گێژاوێکەوە و دەنگەکەی وەك خشەی لە یەکخشاندنی دوو کەرەستە دەبیستریێن. لە شێوەزاری کەرکووکدا، وەهایدادەنێین بریتیین لەم دەنگانە.( )( [f, v, s, z, ʃ, ʒ ]) :

١/١ -٤ (ئەفریکات

دەنگە ئەفریکاتەکان لە تێکەڵبوونی تەقیوێك و خشۆکێك پێکدێن( ) ئەم جۆرە نابرگەییانە لە شێوەزارەکەدا بریتییە لە دەنگەکانی: ([tʃ, dʒ]).

**١/١ -٥ (لوتییەکان**

لەکاتی دركاندنی دەنگەکانی ([ n, m, ŋ ] ) نەرمە مەڵاشوو نزم دەبێتەوە و هەندێک جار ڕێڕەوەی دەم و لێو دادەخرێت، بەمەیش هەموو باکە بە ڕێڕەوەی لوتدا دێتە دەرەوە، بۆیە ئەم جۆرە بە دەنگە لوتییەکان ناسراون .

**١/١ -٦ (دەنگە لاییەکان**

لەکاتی بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە دەنگانەدا([ɫ, l ]) ، با لە ناوەڕاستیی بۆشایی دەمدا گیردەبێت یان تەسکدەبێتەوە. لە ئەنجامیدا تەوژمی باکە لادەدات و لەو دەنگانەن بە ئەملا و ئەولای زماندا تێدەپەڕنە دەرەوە.

١/١ -٧ (دەنگە لەرزۆکەکان

بەو دەنگانە دەگوترێت، کە سەری زمان بەخێرایی و لەسەر یەك لە نوکی سەرەوە یان نێوان نوکی سەرەوەی زمان دەدات، لە ئەنجامی ئەم کردەیەیش زمان توشی جۆرە لەرزینێک دەبیت، بۆیە ئەم جۆرە دەنگانە، کە بەم شێوەیە دروسدەبن بە دەنگی لەرزۆک ناسراون ( )(R, r ] [).

**١/١-٨ (نیمچە نابرگەییەکان**

نیمچە نابرگەییەکان (خشپەدەنگ (obstruents - و ) زرنگدەرەوەییەکان (sonorance - تەنها لە وچەپێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی برگەدا دەردەکەون و برگە دروستناکەن.([ w, Y ])

**٢/١ (برگەییەکان**

دەنگە نابرگەییەکان لە ڕووی ئۆرگانییەوە Articulation وەك زرنگدەرەوەیی دیاریدەکرێن و پێناسەیان بۆدەکرێت، چونکە لەکاتی دروستکردن و درکاندنیاندا با لە دەم دێتە دەرەوە و بێ ئەوەی هیچ ئەندامێکی بێتەوە یەك و ڕێگایان لێبگیرێت. بەشێوەیەکی گشتیی، ڕەهەندە ئۆرگانییەکان دابەشدەکرێن بۆ: (ا) ڕادە و پلەی کراوەیی دەم (داخراو تا کراوە)، (ب) جێکەوتەی بەرزترین بەشی زمان (پێشەوە تا پشتەوە)،(پ) شێوەی لچ و لێو (خڕکراوە تا خڕنەکراوە). داتا و نمونەکان پێمان دەڵێن، لە شێوەزارەکەدا دوو جۆر برگەیی بەدیدەکرێت.

١ -برگەییە یەك دەنگییەکان

لە شێوەزارەکەدا دەنگەکانی ([u:~ wi, u, i :, i, ɨ, wi, ə, we, o, e, a]) : بە برگەییە یەک دەنگییەکان ناسراون( ). بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە خشتە و شوێنی دروستبوونی برگەییە یەک دەنگییەکان پاشان ئاشکرا دەبێت، کە برگەییە ساردەکە ([ɨ ]) ئۆتۆماتیکیی لە نێوان چەپك نابرگەییە ڕێگەپێنەدراوەکاندا وەك برگە - دروستکەر (هەلدەتوقێت / ددەردەکەوێت) و تەنانەت دەیشتوانێت هێز وەربگرێت، وەك:

(ناوی کرداریی) [mɨr . dˈɨn ] < hatin> /مردن / -

(ئەوان مردن) [mɨˈr: . dɨn ] <hatin > /مردن / -

**٢ -دوو دەنگییەکانDiphthongs -**

دوو دەنگییەکان، لە ڕوی دروستەوە لە دوو دەنگ پێکهاتوون، بەڵام کاتێك بەنوسینی کوردیی دەنوسرێن و بە دوو گرافیم دەنوێنرێن و وەکو یەك فۆنێم ئەژماردەکرێن( ). وەهای بۆدەچین دوو دەنگییەکان Diphthongs - بریتیین لە([ai, au, eo, ou, əu, əi, iu]) :

**بەشی دوهەم**


دروستەی هەڕەمیی برگە و دابەشبونی تەواوکەرانەی برگەیی و نابرگەییەکانی شێوەزاری کەرکووک


١/٢ (دروستەی هەڕەمیی برگە

بەمەبەستی دەستنیشانکردنی دروستەی هەڕەمیی، کار بەمۆدێلی CV وەچەپێکهاتەکانی برگە دەکرێت. ئەم مۆدێلە لەو ڕووەوە خۆی لە مۆدێلە تەختەکە CV جیادەکاتەوە( )، کە تیایدا کرۆك و سەرەتا و کۆتایی برگە جیاکراونەتەوە و بە سێ وەچەپێکهاتە دانراون (بڕوانە: هێڵکاری هەڕەمیی برگە و دابەشبوونی تەواوکەرانەی برگەیی و نابرگەییەکان لە هێڵکاریی (١-١) دا). دروستەی وشە یەك برگەییەکان بەمۆدێلی وەچەپێکهاتەکان نیشاندەدرێن، هەر وەچەپێکهاتەیەکیش لە دوو کەرەستە زیاتری تێدا نییە( ). برگەییەکان کرۆك دروستدەکەن، کرۆکیش برگە دروستدەکات و سەرەتایی برگەیش نابێت بۆش/ بەتاڵ بێت. لە جێکەوتەکانی کرۆکی برگەدا دوو برگەیی گرژ، یان برگەیێکی خاو، یاخود برگەیێکی

دودەنگی دێت( ). بەم شێوەیە دەتوانین بەپێی ڕێسای دوو پەلکیی بچوکترین دروستەی بڕگە تا گەورەترین دروستەی بڕگە بە ژمارەی کەرەستەکانەوە دیاریبکەین، بۆ بڕگەی درێژ و دوو دەنگییەکانیش بەهێمای (vv) نیشاندەدرێن. هەروەها بۆ بڕگەیە سادەکەیش (بزرۆکە (ɨ - بە هێمایی (v) بەرجەستەدەکرێت.

) ١ -١ (هێڵکاری هەرەمیی دروستەی بڕگە، بە وەچەپێکهاتەکانیەوە بڕگە




ا) بڕگەییەکانی سەرەوە

١ -بڕگەییە - درێژەکان (/ وو، یی/) CV

/سیی/، / دوو/، / ڕوو

[si:], [du:], [Ru:˜Rwi]

٢ -بڕگەییە - کورتەکان (/ و، ی/)CV

/بی/، / فو/، / تو/

[bi], [fu˜pv], [tu]

ب) بڕگەییەکان ڕیزی ناوەڕاست و خوارەوە

١ /-بۆ، ڕێ، گا، دۆ، گوێ CV

[bo:], [Re], [ga:], [do], [gœ]

٢ / -بار/، / تێر/، / کەر/، / بۆر/، / دوێت /،/ من CVC

[ba:r], [ter], [kər], [bo:r], [dœt],[mɨn]

٣ /-نیسک/، / گیسک/، / مەست/، / دۆست /CVCC

[nisk], [gisk], [məst], [dost]

٤ / -گڵێم/، / فرۆش/، / بزوێن/CCVC

[gɫem], [fRo:ʃ], [bzœn]

١/٢ -١ -١ (بڕگەیی و نابڕگەییەکان لە وەچەپێکهاتوی بڕگەدا

١/٢ -١ - ٢ (وەچەپێکهاتەی سەرەتای بڕگە

لەم تەوەرەدا، هاتن و نەهاتنی ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دەردەکەون و ڕێگەیان پێدەدرێت، یاخود بەپێچەوانەوە ڕێگەیان پێنادرێت، نیشانبدەین( ). بۆ نمونە هەندێک لە چەپکە نابڕگەییەکان بەپێی پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت (خشپەدەنگ و زرنگدەر) دەوەکان، لە پێڕەوە فۆنەتاکتیکییەکاندا لە سەرەتای بڕگەدا پێکەوە دەرناکەون. بەڵام ئەم مەرجە لەکۆتایی بڕگەدا ناخوات و دەردەکەون هەروەها، وەهای بۆ دەچین لە زۆربەی زۆری چەپکە نابڕگەییەکاندا، کە بەپێی پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت لە ڕوی فۆنەتاکتیکییەوە بڕگەییە سادەکە ] [ ɨدەربکەوێت( ). بۆ نمونە وشەکانی، وەك: (/ من، کردن/) پاش ڕێکخستنی توخمە پێکهێنەرەکانیان بەم شێوەیە بەرجەستەدەکرێن .([mɨn, kɨr . dɨn]) :بۆیە هەوڵدەدەین بەکورتی هەندێک لەو چەپکە نابڕگەییانەی، کە لەسەرەتا و کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت یان پێنادرێت، بخەینە ڕوو. لەگەڵ ئەوەیشدا لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەبەر ئەوەی نابڕگەیی]ئ ʔ[ ˜لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا لەگەڵ نابڕگەییەکاندا ڕێگەپێنەدراوە و تەنها لەگەڵ بڕگەییەکاندا دەردەکەوێت، بۆیە نمونەی بۆ نەهێنراوەتەوە.( )

1-گیراو + زرنگدەرەوە

ا) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی، کە لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

١ / [b] -کرێین/، / فرۆ/، / بلیمەت/، / بڵاو/، / چنار/

[kRi:n], [fro], [bli . mət], [bɫau], [ʧnar]

٢ / [p]-پرۆژە /، / پلان/، / کڵاو /

[pRo . ʒə], [pla:n], [kɫa:u]

٣ / [t]-ترێ/، / تروهات /، / تلانەوە/

[tre], [tRu . ha:t] ,[ tla . nə . wə ]

٤ / [k]-کراس/، / کرێن/، / کلێتە/، / کڵاو /

[kra:s], [kRi:n], [ kle . tə],[kɫa:u]

/ ٥ [q]-قڕان،/ / قلاو /
[qRa:n], [qla:u]
/ ٦ [d]-دریژ،/ / دلێر،/ / گڵۆپ /، / دنیا /
[drez], [dler], [gɫop], [dnya]~[dunya]
/ ٧ [g]-گران /، / گلاڵێ /، / گلاره/
[gra:n], [gɫa . ɫi], [ gla . rə ]

ب) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

/ ١ [b]-بم*/، /بنگ*/
*[bm],*[bŋ]
/ ٢ [p]-پر*/، /پم*/، /پن*/، /پنگ*/
*[pr],*[pm],*[pn],*[ pnŋ]
/ ٣ [t]-تڵ*/، /تم*/، /تن*/، /تنگ*/
*[tɫ],* [tm],*[ tn],*[tŋ]
/ ٤ [k]-کم*/، /کن*/، /کنگ*/
*[km], *[kn] ,*[ kŋ]
/ ٥ [q]-قر*/، /قڵ*/، /قم*/ ، /قن*/، /قنگ*/
*[qr],*[qɫ],*[qm],*[qn],*[qŋ]
/٦ [d]-دم*/، /دنگ*/،/دڕگ*/
*[dm],*[dŋ],*[dRg]
/ ٧ [g]-گڕ*/، /گم*/، /گن*/ ، /گنگ* /
*[gR],*[gm],*[gn],*[gŋ]

٢ -خشۆك + زرنگدەرەوە

ا) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

/ ١ [f]-فره /، / فڕین/، / فڵان /
[frə], [fRi:n], [fɫa:n]
/ ٣ [s]-سروشت/، /سڕین/، /سلێمانی/، /سڵاو/، /سمۆره/، /سنار/
[sruʃt],[sRi:n], [sle . ma . ni], [sɫau], [smo . rə], [sna:r]
/ ٣ [z]-زریکه/، /زڕان/، / زله/، / زلێخ/، / زمان/، /زنانه /
[zri: . kə], [zRa:n:], [zlə], [zlex], [zma:n], [zna . nə]
/ ٤ [ʃ]-شرین/، /شڕه/، /شلێر/، /شمەك/، /شنۆ/
[ʃri:n], [ʃRə], [ʃler], [ʃmək], [ʃno]
/ ٥ [ʒ]-ژماره/، /ژنانه/
[ʒma . rə], [ʒna . nə]

/ ٦ [x]-خراپ/، /خڕێڵه/، /خله/، /خڵافان/، /خنه /
[xra:p], [xRe . ɫə], [xlə], [xɫa . fa:n], [xnə]

ب) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

/ ١ [f]-فم*/، /فن*/ ، /فنگ */، /فلس*/
*[fm],*[ fn],*[fŋ],*[fls]
/ ٢ [v]-ڤر*/، /ڤڕ*/، /ڤل*/، /ڤڵ*/، /ڤم*/، /ڤن*/، / ڤنگ*/
*[vr],*[ vR],*[vl],*[vɫ],*[vm],*[vn] *[fŋ]
/ ٣ [s]-سنگ */
*[sɨŋ]
/ ٤ [z]-زنگ*/
*[zŋ]
/٥ [ʃ]-شڵ*/ ، /شنگ **/ [ʃɫ],*[ʃŋ]
/ ٦ [ʒ]-ژر*/، /ژڕ*/، /ژل*/، /ژڵ*/، /ژنگ*/
*[ʒr],*[ʒR],*[ ʒl],*[ʒɫ],*[ʒŋ]
/٧ [x]-خم*/، /خنگ*/
*[ xm],*[xŋ]
٨*/ / [ɣ]-
٩*/ [h]/ -
١٠* / / [ɦ] -
١١- [ */ / [ʕ

نمونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە نابڕگەییەکانی [v, ɣ, h, ɦ, ʕ] لە سەرەتای بڕگەدا، لەگەڵ زرنگدەرەوەییەکاندا ڕێگەیان پێنادرێت، هەروەها نابڕگەییەکانی [ʒ, f] یش، زۆر چالاك نین.

٣ -ئەفریکات + زرنگدەرەوە

ا) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

/١ [ʧ]-چرا/، /چنین/، /چله/، /چلێس/، /چرین /
[ʧra:], [ʧni:n],[ʧlə], [ʧɫes], [ʧRi:n]
/ ٢ [dʒ]-جڵەو/، / جنۆکە /
[ʤɫəu], [ʤno . kə]

ب) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

/ ١ [ʧ]-چم*/، /چنگ */

[ʧm], *[ʧɨŋ]
*

٢ /[ʤ] -جر*/، /جرِ*/، /جل/*/جم/ ، / جنگ */
*[ʤr], *[ʤR], *[ʤl],*[ʤm], *[ʤŋ]

٤ -گیراو + خشۆك

ا) ئەو چەپكە نابڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

١ / [b] -بڤە/، / بژوێن/، /بشێوی/
[bvə], [bʒœn], [bʃe . wi]

٢ / [p] -پسولە/، /پژمە/، /پشیلە /
[psu . lə], [pʒmə], [pʃi: . lə]

٣ / [t] -تسین /
[tsi:n]

٤ / [d] -دزین/
[dzi:n]

٥ / [k] -کشان /
[kʃa:n]

٦ / [g] -گزی /
[gzi:~ gzɨk]

٧/ [q] -قسە /
[qsə]

ب) ئەو چەپكە نابڕگەییانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١ / [b] -بف*/، /بس / */ بز */
*[bf],*[bs],*[bz].

٢ / [p] -پف*/، /پڤ*/، /پز */
*[pf], *[pv], *[pz]

٣ / [t] -تفەنگ*/، /تڤ*/، /تز*/، /تش*/، /تژ*/
*[tfəŋ],*[tv], *[tz],*[tʃ], *[tʒ]

٤ / [d] -دب*/، /دف*/ ، /دس*/، /دش*/، /دژ*/
*[db],*[dv],*[ds],*[dʃ],*[dʒ]

٥ / [k] -کب*/، /کپ*/، /کڤ*/، /کس*/، /کژ*/ ، /کز*/
*[kb],*[kp],*[kv],*[ks],*[kʒ],*[kz[

٦ / [g] -گب*/، /گپ*/، /گس*/، گش*/، /گژ */ ، /گڤ*/
*[gb],*[gp],*[gs],*[gʃ], *[ gʒ] ,*[gv]

٧ / [q] -قفڵ*/ ، /قڤ*/، /قز*/، /قش*/، /قژ*/
*[qfɫ] ~ [qu . fɫ],*[qv],*[qz],*[ qʃ],*[qʒ]

نمونەکانی سەرەوە ئەوە نیشاندەدەن، کە دەنگە گیراوەکانی لە[p, t, d, k, g, q] سەرەتای بڕگەدا، لەگەڵ خشۆکەکاندا زۆر چالاك نین.

١/٢ -١ -٣ (وەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگە

ا - زرنگدەرەوە + گیراو

ا) ئەو چەپكە نابڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

/ [r] -1شوارب/، / کەرت/، / کورد/، / مەرگ/
[ʃwarb], [kərt], [kurd], [mərg]

/ [R] -2جرت/، / قورگ /
[zoRt]~[ʤɨRt], [quRi] ~ [qoRg]

/ [ɫ] -3 قاڵب/، /قەڵپ/، / سەڵت/، / چەڵق/، / خەڵک/
[qaɫb], [qəɫp], [səɫt], [ʧəɫq], [xəɫk]

/ [m] -4کەمپ/، /چەمك /
[kəmp], [ʧəmk]

/ [n] -5هونەرمەند/، / سەنت/، /مانگ /

1. [hu , nər . mənd], [sənt], [ma:ŋ]
2. ب) ئەو چەپكە نابڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١ / [r] -رق /، */رپ /، */رک */,
*[rq], *[rb], *[rk]

٢ / [R] -ڕب*/، /ڕپ*/، /ڕد*/، /ڕک*/، /ڕق */
*[Rb],*[Rp],*[Rd], [Rk],*[Rq]

٣ / [l] -لب*/، /لپ*/، /لت*/،/لد*/، لك*/، /لک*/، لق*/
*[lb],*[lp],*[lt],*[ld],*[lq],*[lk],*[lg]

٤ / [ɫ] -ڵد*/، /ڵگ /
*[ɫd],*[ɫg]

٥/ [m] -مب*/، /مت*/، /مد*/، /مق*/، /مك*/
*[mb],*[mt],*[md],*[mq],*[mk],*[mg]

٦ / [n] -نب*/، /نپ*/، /نق*/، /نک /
*[nb],*[np],*[nq],*[nk]

٧/ [ŋ] -نگب*/، /نگپ*/، /نگت*/، /نگد*/، /نگق*/، /نگك*/، /نگگ*/
*[ngb],*[ngp],*[ngt],*[ngd],*[ngq],*[ngk],*[ngg]

بەپێی نمونەکانی سەرەوە، وەهای بۆدەچین نابڕگەیی [ŋ] لە کۆتایی بڕگەدا بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی پێنەدرێت و

دەرنەکەوێت، هەروەها نابڕگیییەکانی[R, l, ɫ, m, n] لە کۆتایی بڕگەدا زۆر دەرنەکەون.

-2-زرنگدەرەوە + خشۆك

ا) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

/ [r]-1عارف/، / مارس/، / وەرز/، / کەرش/

[ʕa:rf], [ma:rs], [wərz], [gɨrʒ]

/ [ɫ]-2قوڵف /

[quɫf]

ب) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١ / [r] -عارڤ*/ ، /ڕژ*/

*[ʕa:rv], *[rʒ]

٢ / [R] -ڕف*/، /ڕڤ*/ ، /ڕس*/، /ڕز*/، /ڕش*/ ، /ڕژ*/

*[Rf], *[Rv], *[Rs], *[Rz], *[Rʃ], *[Rʒ]

٣ / [l] -لف*/، /لڤ*/، /لس*/، /لز*/،/لش*/، /لژ*/

*[lf], *[lv], *[ls], *[lz], *[lʃ], *[lʒ]

٤ / [ɫ] -ڵڤ*/ ، /ڵس*/ ، /ڵز*/ ، /ڵش*/، /ڵژ*/

*[ɫv], *[ɫs], *[ɫz], *[ɫʃ], *[ɫʒ]

٥ / [m] -مف*/، /مڤ*/، /مس*/، /مز*/، /مش*/، /مژ*/

*[mf], *[mv], *[ms], *[mz], *[mʃ], *[mʒ]

٦ / [n] -نف*/، /نڤ*/، /نس*/، /نز*/، /نش*/، /نژ*/

*[nf], *[nv], *[ns], *[nz], *[nʃ], *[nʒ]

٧ / [ŋ] -نگب*/، /نگپ*/ ، /نگت*/ ، /نگد*/، /نگق*/ ، / نگك*/ ، /نگگ*/

*[ŋb], *[ŋp], *[ŋt], *[ŋd], *[ŋq], *[ŋk], *[ŋg]

نموونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە نابڕگەیی [r] لە کۆتایی بڕگەدا، تەنها لەگەڵ نابڕگەیی [v] دا، دەرناکەوێت. بەڵام لەگەڵ هەموو خشۆکەکانی دیکەدا دەردەکەوێت. هەروەها نابڕگەییە زرنگدەرەوەکانی [R, l, ɫ, m, n, ŋ] لە کۆتایی بڕگەدا لەگەڵ نابڕگەییە خشۆکەکاندا بەدەگمەن دەبینرێنەوە.

٣ -زرنگدەرەوە + ئەفریکات

ا) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێدەدرێت

١ / [r] -پرچ/، / مەرج

[pɨrʧ], [mərʤ] /

٢ / [m] -دەمج/، / قەمچ [dəmʤ], [qəmʧ] /

٣/ [n] -بەنج [bənʤ] /

ب) ئەو چەپکە نابڕگەییانەی لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەیان پێنادرێت

١ / [R] -ڕج*/، /ڕچ*/ [Rʧ], *[Rʤ] *

٢ / [l] -لج*/ ، / لچ*/ [lʧ], *[lʤ] *

٣ / [ɫ] -ڵج*/ ، / ڵچ*/ [ɫʧ], *[ɫʤ] *

٤/ [m] -مچ**/ [mʧ]

٥ / [n] -بەنچ**/ [bənʧ]

٦ / [ŋ]-نگچ*/ ، /نگج*/ [ŋʧ], *[ŋʤ] *

٢/٢ (دروستەیی بڕگەییەکان لە کرۆکی بڕگەدا

١-٢/٢ (بڕگەییە درێژ / خاوەکان

داتا و نموونەکان ئەوەیان سەلماندوە، کە لە شێوەزاری کەرکووکدا، بڕگەیی کرۆکی بڕگەییە و بڕگەیش بەبێ بڕگەیی دروستناکرێت. هەروەها بۆ وەچەپێکهاتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگە، هەندێک شیکردنەوە و ڕونکردنەوە پێشکەشکران، کە نابێت سەرەتای بڕگە بۆشبێت و لە دوو نابڕگەیی -ڕێگەپێدراو زیاتری تێدا بێت. لەگەڵ ئەوەیشدا کۆتایی بڕگەییش دەشێت بۆشبێت و نابێت لە دوو نابڕگەیی -ڕێگەپێدراو زیاتری تێدا بێت .کرۆکی بڕگەیش دەکرێت دوو جێکەوتەکەی بە بڕگەیی گرژ یاخود خاو پڕبکرێتەوە، بۆ نموونە بڕگەییە گرژەکانی سەرەوە، بریتین لە (/ و u - ، ی .(/i - خاوەکانیش لە: (/ وو - u:، ی (/i: - پێکهاتوون و بە دوو بڕگەیی (vv ) نیشاندەدرێن.

١ (بڕگەییە گرژەکانی سەرەوە (/ و u - ، ی(/i -

ا-/ بی/، / تو [bi], [tu] / CV

/ بیی*/، /توو [bi:]*, [tu:]* */

ب-/ تییر/، / سییر / CVC

[ti:r], [si:r]

پ- / بیست/، / ویست/، / کورد/، / سروشت / CVCC

[bist], [wist], [kurd], [sruʃt]

٢ (بڕگەییە خاوەکانی سەرەوە (/ وو u: - ، یی(/ i: -

ا-/ دوو/، /سیی /CV

[du:], [si:]

پ - / چوون/، / بوون/، / سیر/، / پیر/CVC

[ʧu:n˜ʧwin], [bu:n˜bwin], [si:r], [pi:r]

٢/٢ -٢ (دروستەی برگە بۆ برگەییە (خاو / گرژە)کانی سەرەوە نمونەکانی (١ -ا، ب، پ) ئەوە نیشاندەدەن، کە برگەییە (گرژ ەکانی سەرەوە ( u, i ) لەو برگانەدا ( گرژ / کورت)ن، کە قورساییان لەسەر نییە، بۆ نمونە وشەکانی (/ بیست، ویست...هتد/) کورتن. بەڵام (/ بییست، ویسست،....هتد /) *بەدیناکرێن و ڕێگەپێنەدراون. هەروەها لەو برگانەی قورساییان لەسەرە (خاو/ درێژ) دەردەبڕرێن (بڕوانە: نمونەکانی (٢ -ا، ب(( سەبارەت بە برگەییەکانی ناوەڕاست و خوارەوە (/o, e, a/) وەکو فۆنێم کورتن، بەڵام لە هەمو تەرزەکانی تری برگەدا، سەرپشکیی دەشێت بەفۆنەیتیکی گرژ یان خاو دەربڕرێن و بەرجەستەبکرێن، وەك

٣ / -ماڵ/، / دۆ/، /دێ /

[maɫ] ~[ma:ɫ], [do]~ [do:], [de]~[de:]

٢/٢ - ٣جێکەوتەی دوو دەنگییەکان (diphthong)–لە کرۆکی برگەدا


لە ڕونکردنەوە و نمونەکانی پێشتردا، شوێنی برگەییە یەك دەنگییەکان نیشاندران. نمونەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە برگەییەکان برگە دروستدەکەن و تەنها برگەییەکان لە کرۆکی برگەدا دەبینرێنەوە. هەروەها نیمچە نابرگەییەکانیش لەسەرەتا یا خود کۆتایی برگەدان و بەشداریی لە کرۆکی برگەدا ناکەن .

دەنگەکانی [ai, au,eo, ou, əu, əi, iu] وەکو برگەیی دوو دەنگیی لە شێوەزارەکەدا بەرجەستەدەکرێن.

/ -4شای/، / چاو/، / دێو/، / تۆو/، / چەو/، / کەی/، / زیو/

[ʃai],[ʧau], [deu], [tou], [ʧəu], [kəi], [ziu]

هێڵکاریی (٢- ١)




## ئەنجام

1 -بەپێی داتا و نمونەکان، برگەییەکان برگە بەرهەمدەهێنن و وەچەپێکهاتەکانی برگەیش سەرەتا و کۆتایی برگە دروستدەکەن. دەشێت هەریەکەیان دوو برگەیی گونجاویان لەگەڵ پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی تێدا بێت. بەشەکانیش بەپێی تایبەتمەندیی شێوەزارەکە فۆنێمێک یان چەند فۆنێمێکی تێدایە، هەندێک جاریش کۆتایی برگە دەشێت بۆشبێت و هیچ فۆنێمێکی تێدا نەبێت.

2 -لە سەرەتای برگەدا، برگەییەکان ( V* ) و هەندێک لە نابرگەییە زرنگدەرەوەییەکان، وەکو / ŋ/ ) ، /ɫ /،.../r/هتد) لە سەرەتای برگەدا ڕێگەپێنەدراون و دەرناکەون، بەڵام دەکرێت لە کۆتایی برگەدا دەربکەون و بەکاربهێنرێن.

3 -برگەییە ( گرژ و خاو) ەکانی سەرەوە (/ و - u ، ی (/i - ، /) وو:u - ، یی (/i: - لەناو وشە یەك برگەییەکاندا بەدروستەی جیاوازەوە دەبینرێنەوە. هەروەها برگەییەکانی ناوەڕاست و خوارەوە ( /o, e, a/ ) وەکو فۆنێم کورتن، بەڵام لە هەمو تەرزەکانی تری برگەدا، سەرپشکیی دەشێت بە فۆنەیتیکیی گرژ یان خاو دەربڕرێن.

4 -نابرگەییەکانی ( /v, ɣ, h, ɦ, ʕ/ ) لەسەرەتای برگەدا، لەگەڵ (زرەنگدەرەوە) کاندا ڕێگەیان پێنادرێت، هەروەها نابرگەییەکانی (/ ʒ, f /)یش، زۆر کارانین. جگە لە ئەوەیش چەپکە نابرگەییەکانی ( گیراو + خشۆك) ەکان، لەگەڵ زۆربەی نابرگەییەکاندا چالاك نین .

5 -سەرەتای برگە ناشێت (چۆڵ / بۆش) بێت و هیچ برگەییەکی تێدا نەبێت، سەرەڕای ئەوەیش نابێت لە دوو نابرگەیی ڕێگەپێدراو زیاتری تێدابێت. کۆتایی برگەیش دەشێت یەك یان دوو نابرگەیی ڕێگەپێدراوی تێدابێت و ناکرێت لە دوو نابرگەیی زیاتری تێدابێت، لەهەمان کاتدا دەکرێت بۆش بێت .

6 -بەزۆری چەپکە نابرگەییەکان لە کۆتایی برگەدا نابینرێنەوە.

## سەرچاوەکان

1-ڕەحمان اسماعیل حسن(١٩٩١)، برگە و ئاسان بوونی برگە لە کوردیدا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

2-عادل ڕەشید قادر (2008)، فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیی - کرمانجیی سەروو، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

3 -عبدولواحید موشیر دزەیی، دانا تەحسین محەمەد، دەرون عبدولڕەحمان ساڵح (٢٠١٣ )، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، چاپی یەکهەم، سلێمانی.

4 -محەمەدی مەحویی (2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی .

5 -محەمەدی مەحویی (2008)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆژیی، بەرگی دوهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

6 -محەمەدی مەحویی (2010)، مۆرفۆلۆژیی و بەیکداچوونی پێکهاتەکان - مۆرفۆلۆژیی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی. ٧

7 -محەمەدی مەحویی (2016)، مەنامە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

8 -وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، هەولێر.

9- جورج یول، وەرگێڕان: نسرین حیدری (1388)، نگاهی بەزبان (یەك بررسی زبان شناختی)، چاپ هشتەم، تهران.

10- محمود بی جن خان (1392)، واج شناسی، نظریة بهینگی، چاپ چهارم، تهران.

Ladefoged, p, (2010), (A COURSE IN PHONETICS),-11 .SIXTH EDITISON

Mike Davenport and s. j. Hannahs (2005),-12 .(INTRODUCING Phonetics phonology

.Roach peter(1991), English phonetics and phonology - 13